لاهور تاڵبانی: هەردوو پارتی دەسڵاتدار دەرسیان وەرنەگرت لە هەڵکانی رابردوو

لاهور شێخ جەنگی، هاوسەرۆکی پێشوتری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە پەیامێکدا سەبارەت بە هەڵبژاردنی داهاتووی پارێزگاکان ڕایگەیاند، "هاووڵاتیە ڕەسەن و خۆشویستەکانی پارێزگای کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی شنگال و شێخان و مەخمور و دوزخورماتوو و خانەقین و مەندەلی، وەک ئاشکرایە بەپێی ئەو وادەیەی کە کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق دیاریکردووە، ڕێژی 18ی کانونی یەکەمی ئەمساڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوە دەچێت، ئێم هەڵبژاردنەش کە ماوەیەکی زۆرە ئەنجام نەدراوە، گرنگییەکی گەورە و مێژوویی هەیە و ئەنجامەکەشی دەبێتە بنەمایەک بە پیشاندانی سەنگ و پێگەی کورد لە کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان و سەلماندنی خەڵکە ڕەسەنەکەی و خاوەندارییەتی خاکەکەی".

هاتووەش، "ئێمە لە سەنگەی پەرەشیمان بە خەڵکە خۆشویستەکەمان لە کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان، هەوەماندا کە کورد بە یەک لیست بەشداری ئەو هەڵبژاردنە بکات، هەر بەیە بە بە هیچ بەرژەوەندیی و دەستکەوتێکی سیاسی و کەسی وتایبەتی، لە پەناو پێکهاتەی ڕەسەنی شارەکەو نەفەوتان و پەرتەوازەنەکردنی دەنگی کورد و ڕاست کردنەوەی باڵانس و پارێزگاریکردنی کورد لە ژمارەی کورسییەکانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، یەکێم دەستپێشخەرییمان بە جیاوازی بە لایەنە

کوردستانیەکان راگەیاند و پرۆژەی (هاوپەیمانی گەل)مان پشکەشکردن بە پەکهەنانی لیستەکی هاوبەش".

ئاشیگەیاند، "ئەمە بە ئەو مەبەستە سەردانی چەند لایەنەکی سیاسیمان کرد و ئەوانەشی سەردانمان نەکردبوون پرۆژەکەمان بە ڕاوانەکردن، داوای هاوەستمان لەکردن، لەگەڵ ئەوەی هەموو ئامادەییەکمان نیشاندا بە سەرخستنی کورد لەم هەڵبژاردنەدا، تەنانەت ئامادەبووین کاندیدشیمان نەبەت، تەنیا ئامانجمان سەرکەوتنی کورد و خەڵکە ڕەسەنەکەی ناوچەکە وکەکردنەوەی لایەنەکان بوو لەچوارچێوەی لیستەکی هاوبەشدا، بەڵام بەداخەوە زۆرینەی لایەنە سیاسیەکان وەڵامەکیان ئەرێنی نەبوو و ئامادەنەبوون بە یەک لیستی هاوبەش لەم هەڵبژاردنەدا بەشداربن، لەکاتەکدا خەیان ئاگاداری ئەو سیستەن کە بە ئەم هەڵبژاردنە پەیرەو دەکرەت کە لە بەرژەوەندی یەک لیستی هاوبەشدایە نەک فرە لیستی، بەڵام زۆرینەی لایەنە سیاسیەکان لە پەناو بەرژەوەندی خەیان ئەویان لەبەرچاو نەگرت".

لاهور تاڵەبانی وتیشی: "بەداخەوە بەشکی زۆر لە لایەنە سیاسیە کوردستانییەکان بەتایبەت هەردوو پارتی دەسەڵاتدار کە دیارە دەرسیان وەرنەگرتووە لە هەڵەکانی رابردوو، دەیانەوەت بەردەوامی بدەن بە نەهامەتییەکان و جارەکیتر کەرکوک و ناوچە کەشە لەسەرکان بکەنەوە قوربانی کەش و ململانەی سیاسیی و بەرژەوەندییە حزبیەکانیان".

دەرکەوت هەموو ئەو دروشمانەی کە بەناوی کورد و نیشتیمانپەروەرییەوە بە خەڵکیان دەفرۆشتەوە لە دروشمی درێنە زیاتر نەبووە چونکە ئامادەنەبوون بە یەکجاریش دەستبەرداری حزبایەتی بن و لە پەناوی میللەتەکەمان یەکیزی هەلبژێرن، بەڵکو دەیانەوەت ببنەوە بە بارگرانی بە خەڵکی کەرکوک و ناوچەی کەشە لەسەرکان، تەنانەت قەڵبادان و ململانە سیاسیەکانیشیان لە کوردستان گەیشتەتە ئەو ئاستەی وا خەریکە بەتەواوەتی قەوارەکە بخەنە بەر مەترسی پیلانگێڕییە ناوخەیی و دەرکییەکان کە بە خوێنی رژاوی هەزاران شەهید و خەباتی چەندین ساڵەی دەیان هەزار پەشمەرگە و تەکەشەر و قوربانیدانی ئەم گەلە ستەمدیدە و زوەملەکراوە بەدەستهاتووە.

هەموولایەکیش دەزانن کە پەگەو سەنگی ئەمە لە کەرکوک و ئەوناوچانە چەنە و چەندە، بەڵام لە ژێر ناوی یەک لیستی کوردستانی نەبەت بە هیچ شێوەیەکیتر و بە لیستی جیاواز بەشداری هەڵبژاردن ناکەین و یاری بە چارەنوسی خەڵک و خاکەکەیەوە ناکەین، بەیە داوای لەبوردنتان لەدەکەین.

بەم پەیامەش خەڵکی خەشەویستی کەرکوک و ناوچە جەناکەکەکان دەنیا دەکەینەوە، دە و گیانمان لەگەڵیاندایەو خەمان بە خزمەتکاریان دەزانین،

لاهور شێخ جەنگی وتیشی: "دەنگ بەو کاندیدانە بدەن کە بە شایستەو راستگەیان دەزانن بە خزمەتکردنی ناوچەکانی خەیان جا لەهەر لیست و لایەنەکبن".

هاوەاتیانی بەرەز لەئەستادا یەکگرتوویی تەواوی لایەنە سیاسیەکان و خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەش لەسەرکان زۆر پەویستە نەک بە وەدیهەنانی خەونی گەورە، بەڵکو بە لەدەست ندانی زیاتری خەون و ئاواتەکانمان بەهەی پەرتەوازیی و نەگرتنەبەری سیاسەتەکی حەکیمانە.

جارێکی تر دەمانەوێ بەڕێوەبەرێکی کوردستانی رابگەیەنین کە لەداهاتوو هەر ئەنجامێکی نەخوازراو رووبدات ئەوا ئەو لایەنانە لەی بەرپرسیارن کە خەمی چارەنووسی کەرکوک و خەڵک و خاکی ئەو ناوچانەیان نیە و سە لە وەرانبوونی ناکۆنەوە و بە فرە لیستی بەشداری لەم پرۆسە گرنگ و هەستیارەدا دەکەن، دەبێت ئەوەش باش بزانن مەژوو ڕەحمیان پەناکات و دادگای مەژوو حکومیان ئەدات.